ROJî GEI , Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK

ژوانگە

# گۆرانییێک بۆ منداڵان تۆمار دەکات



چناری سترانبێژ ئێستا سەرقاڵی تەواوکردنی کاری گۆرانییێکی نوێیە کە بۆ منداڵان دەستریَ. سەبارەت بەو گۆانیە گوتویەتی: "هیوادارم ئەو گۆرانییەی من ببێتە هۆی ئەوەی کە هونەرمەندانی دیکەش گرنگی بە منداڵان بدەن".

چنار لەبارەی ئەو گۆرانییەی بۆ منداڵان دەڵێ: 'گۆرانیەکە بەهاوکاری حەمە شوان شەریف هۆنراوەیەکیان داناوە بەناوی (بنوو) و خۆی ئاوازی بۆ داناوەو لەلایەن مۆزیکژەن بژار دیلان کاری موزیکی بۆکراوە'

چنار لەوبارەیەوە هیواخوازە کە خزمەتێکی بچووک بە منداڵانی کورد بکات ، کارەکەشی هۆکارێک بێت بۆ کرانەوەی دەرگایەک لەبەردەم هونەرمەندانی دیکە بۆ ئەوەی ئەوانیش گرنگی بەمنداڵان بدەن و گۆرانیان بۆ بلێن".

جێگەی ئاماژەیە کە دوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی لە ساڵانی رابردوودا، توانی بەهرەی خۆی بە هەوادارانی گۆرانی و مۆزیکی کوردی پێشان بدات، بەوهۆیەشەوە ناوبانگ پەیدا بکات و سەرنجی خەڵکیش بەلای خۆیەوە رابکێشێ، هەرچەندە کە تا ئێستا بەرهەمی کەمی هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە پەلە ناکات و لەسەرخۆ کار دەکات، چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێ کە پرۆفیشناڵانە پێشبکەوێ و شوێن پەنجەی لە نێو هونەری گۆرانی کوردیدا بنەخشێنێ.

# شاری هەڵەبجە ڤیستیڤاڵی جیهانی شانۆ لە باوەش دەگرێ

بەبۆنەی رۆژی جیهانی شانۆ، دوێنێ شەممە، 28ی مانگی ئازار لەشاری هەڵەبجە، بەئامادەبوونی ژمارەیەک هەواداری شانۆ، بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەڵەبجە فستیڤاڵێکی بەڕیوەبرد، سەرەتا ئامادەبوان خولەکێک بێدەنگ بۆ گیانی پاکی شەهیدان وەستان، دواتر وتاری پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەڵەبجە لەلایەن مامۆستا رەفیق رەفعت سابیر بەڕێوەبەری پەیمانگاوە خوێندرایەوە. پاشان پەیامی شانۆی جیهانی لەلایەن ئالان هادی مامۆستای پەیمانگەی هونەرە جوانەکان خوێندرایەوەو دواتر شانۆیی (ئەم کورسیە جێ ناهێڵم) لەنوسین و دەرهێنانی دەلیل جەمال نمایشکرا.

جێگەی ئاماژەیە کە بڕیاروایە ئەمڕۆ یەکشەممە، 29ی مانگی ئازار شانۆگەری (گۆرانی ماڵئاوایی) لە دەرهێنانی رێبین نامیق و رۆژی 30ی مانگیش شانۆی (ژوری ژمارە 6) لەدەرهێنانی جیهاد جەلال نمایش بکرێن.

# سێ فیلمی کوردی بەشداری لە ڤێستڤاڵی فەرەنسادا دەکەن

لەخولی شانزەهەمینی ڤێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیگرا کە لەوڵاتی فەڕەنسا بەڕێوە دەچێ، نەوەدو حەوت فیلم لەشازدە وڵاتی جیهانەوە بەشداری لە فیستیڤاڵەکەدا دەکەن، ئەمجارەیان سێ فیلمی کوردی بەشداری لەو ڤێستیڤاڵە دەکەن، کە بەهاوکاری و کۆمەکی رێکخراوە فەرەنسیەکانەوە بەرهەم هێنراون. فیلمەکان بریتین لە (ئەمنە سوورەکە) (کەناڵی کوردسات‌و پەیمانگەی کوردی-فەڕەنسی) بەرهەمیان هێناوە و لەدەرهێنانی (ئیسماعیل عومەر)ە، (حەپسە) بەرهەمی (یەکێتی ژنانی کوردستان‌و پەیمانگەی کوردی- فەڕەنسی)یەو (ئەحمەد مەحمودو شۆخان مەحمود) دەریان هێناوە، (دەبە) بەرهەمی (پەیمانگەی کوردی- فەڕەنسی‌و تەلەفزیۆنی پەروەردەیی)یەو (مەریوان رەئوف دەری دهێناوە).

بەگوێرەی زانیاریەکان دەرهێنەرانی هەر سێ فیلمەکە بۆ ڤێستیڤاڵەکە بانگهێشت کراون، ئەمەش وەک سەرکەوتنێکی گەورە بۆ سینەمای کوردی لێکدەدرێتەوە. ئەگەرچی ساڵانی رابردوو چەندین فیلمی دیکەی کوردی بەشداریان لە ڤێستیڤاڵە نێودەوڵەتیەکاندا کردووە، بەڵام چونکە لەسەر ناوی عێراق یان ئێران یان تورکیاوە بەشداریان کردبو، وەکو فیلمی کوردستانی پێوانەیان بۆ نەدەکرا، بەڵام بەشدارییپێکردنی ئەو سێ فیلمە واتایەکی تایبەتی خۆی هەیە و دەکرێ هەمولایەک پشتیوانیان لێ بکەن.

# چەند هەواڵێکی نەخواستراو

- **پۆلیسی هندستان بەتۆمەتی ئەوەی کە بۆ ماوەی 9 ساڵ دەستدرێژی سێکسی کردۆتە سەر کچەکەی، پیاوێکیان دەستگیر کرد، شیمای ئەوە دەکری سزای مەرگی بۆ دەربچێ.**
- **پۆلیسی ناحیەی سەببورەی پاریزگای حەما لە وڵاتی سوریا کەسێکیان دەستگیر کرد بە تۆمەتی ئەوەی زگی کچی برای خۆی پڕ کردووە.**
- **پۆلیسی شاری تۆرینۆی وڵاتی ئیتالیا تۆمەتبارێکیان دەستگیر کرد چونکە ماوەی 25 ساڵ کچەکەی خۆی زیندانی کردبوو، بەدرێژای ئەو ماوەیەش دەستدرێژی سێکسی کردبووە سەر.**
- **کچێکی خەڵکی جەزائیر بە گوللەیەک ئەو پیاوە ناپاکەی کوشت کە دەستدرێژی دەکردە سەر خوشکەکەی، بەوهۆیەشەوە پێنج ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە.**
- **پۆلیسی ئەمریکا ژنێکیان بە تۆمەتی ئوەی کە بە زۆر مۆزی دەرخواردی مندالیک پێنج ساڵان داوە دەستگیر کرد، جێگەی ئاماژەیە کە ئەو ژنە مامۆستای بەخچەی ساوایانە.**

# ئێمەو ئەوان

ئێمە و ئەوان چی بەیەکمان دەبەستێتەوە؟! یەک نیشتمانی مێژووکرد؟ یان کیانێکی دەستکردی چەند سیاسییەکی سەرکێش کە لەو پەڕی دنیاوە هاتوون؟

بەدرێژایی نەوەد ساڵ عیراقیبوونی سەپێنراو بەسەر کورد عەرەبدا برایەتی و دیموکراتیمان بینی یان خەردەل و ئەنفال؟

بۆچی سەرکردایەتی عەرەب داوای بەهێزبوونەوەی ناوەند دەکەن؟ ئایا لەم یاریە ترسناکە ماندونەبوون؟ ئەی بۆچی شەقامی عەرەبی پرۆژەی فیدرالیزم رەت دەکاتەوە و دەنگ بە بەهێزکردنەوەی ناوەندو شەڕانگێزی دەدەن؟

ئایا ئەمە بەڵگەی ئەوەنیە کە ئێمە لە بەردەم شەقامێکین نەخۆش و هێشتا گوتاری بەعسیزم لە کۆنەسیتا بەجێگری ماوەتەوە؟

کەواتە بۆچی بە سەربەخۆیی کوردستان دەمانتۆقێنن و بە کارەساتی ناودەبەن؟ ئایا کارەساتی راستین درێژەدان بە عێراقیبوون نییە؟

ئایا دەستوور هەر مەرەکەبی سەر ئەو کاغەزە نییە کە پێشتر فەیسڵ و قاسم و سەددام شەقیان تێهەڵدا و ئێستاش مالکی دەیەوێ کلک و گوێی بکات؟

عەرەب دەڵێت: ئێمە کاتێک دەستووری نوێمان قەبوڵ کرد کە عێراق لاوازبوو، ئێستا دەبێت بگۆڕدرێت؟ سەدامیش لە لاوازیا بەیانی 11ی ئازاری دەرکردو لەبەهێزیشیا پێشێلیکرد.. مالکی ئەمڕۆ لاسایی کێ دەکاتەوە؟

ئەمەیە عێراق، دیارە خەتای سەرکردەکان نیە، خەتای سروشتی پێکهاتەی عێراقە، عێراق کارگەیەکە دیکتاتۆر بەرهەم دێنێ، دەبێت لە پێناوی مرۆڤایەتیدا دەستکاری بکرێ، عێراق پێمان دەڵێت من مارێکی سڕم هەرکە چالاک بوومەوە، پێتانەوە دەدەم.. ئێمە بۆ بەدیاریەوە دانیشتووین؟ عێراق دەڵێت هەرکە نینۆکم هاتەوە بەرلەوەی سەری خۆم بخورێنم، ئێوە ونجڕ ونجڕ دەکەم، ئیتر عێراقچێتی بۆچی؟

کەواتە داواکردن بۆ بەهێزکردنەوەی عێراق، واتای داوای مەرگی خۆمان دەگەیەنێ، ئەگەر داوای لاوزیشی بکەین مافی خۆمانە، بەڵام هاوڵاتی کام وڵاتی جیهان لاوازی وڵاتەکەی خۆی ویستووە؟ ئایا ئەم کۆمێدیایە چۆن چارەسەر دەکەین؟

**نزار محەمەد**

# کارۆل لە ئەلبومێکی نوێ دا

ئەستێرەی لوبنانی کارۆل سەماحە بەمەبەستی تەواوکردنی تۆماری سترانەکانی ئەلبومە نوێیەکەی،و خۆئامادەکردن بۆ دابەزاندنی لە مانگی ئایاری داهاتوو سەردانی میسر دەکات.

هەروەکو لە ماڵپەری "فەن"ی هەواڵیدا هاتووە، ئەلبومە نوێیەکەی سترانبێژ کارۆل 9 گۆرانی لەخۆ دەگرێ کە 3 لە گۆرانییەکان پێشتر وەکو تاکە گۆرانی خراونەتە بازارەوە و بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ تۆمارکراون، ئەو گۆرانییانەش بریتین لە (یاما لەیالی) و (مەجنونە) و (عەلەیە) و 6 گۆرانییەکەی تریش ئێستا لەقۆناغی ئامادەکردن دان، کە کارۆل لەرێگەی چەند شاعیر و ئاوازدانەرێکەوە هاوکاری کراوە، گۆرانیەکانیش بریتین لە (ئەوەل ما قابەلتەک) لە هۆنراوەی شاعیر ئەیمەن بەهجەت قەمەر و ئاوازی محەمەد یەحیا، (ڕاجعالەک) لە هۆنراوەی تامر حسێن و ئاوازی عومرو موستەفا و دابەشکردنی ئەحمەد رۆکت، کە دابەشکردنی گۆرانی (نادێت عەلێک)یشی لەئەستۆ گرتووە، کە لە هۆنراوەی خالید تاج و ئاوازی عومەر موستەفایە، و گۆرانی (ئەقول ئەنساک) لە هۆنراوەی شاعیری لاو محەمەد رەمەزان و ئاوازی محەمەد یەحیا، گۆرانی (زابحنی) لە هۆنراوەی نەزار عەبدوڵا و ئاوازی ناسر ساڵح و دابەشکردنی عومرو عەبدولعەزیز، هەروەها دوایین گۆرانی (حدود ئەلسەما) لە هۆنراوە و ئاوازی مۆزیکژەنی لوبنانی گەورە مەروان خورییە.

جێی ئاماژەیە کە ڕۆژی 22ی ئازار، لە ئاهەنگی ساڵانەی کۆمپانیای (ئێکس مۆبێل) کارۆل ئاهەنگێکی گۆرانی لە هۆتێلی گراند حەیات سازکرد، کارۆل لەوێدا سوپاسگوزاری و ستایشی پێشکەش بە سەرجەم دایکان کرد بەبۆنەی جەژنی دایک کە ڕۆژێک پێش ئاهەنگەکە یادی کرایەوە.

**ماڵپەڕەکان**

# نەرمین لە"ژنێک پەشیمانی نازانێ" بەشداری دەکات



نەرمین فەقێی هونەرمەند خۆی بۆ وێنەگرتنی دیمەنەکانی زنجیرەی "نساء لاتەعرف ئەلنەدەم" ئامادە دەکات، کە دەرهێنەری ئیماراتی جابر ناسر سەرپەرشتی دەکات.

بەگوێرەی هەواڵەکان، خێزانی زنجیرەکە لەناو ستۆدیۆکانی شاری بەرهەمهێنانی راگەیاندنی ئیماراتەوە لە ماوەی دە رۆژی داهاتوودا دەست بە وێنەگرتنی ئەو زنجیرەیە دەکەن، پاشان دەست بە وێنەگرتنی هەندێک دیمەنی دەرەکی لە شەقامەکانی قاهیرە دادەکەن.

رووداوەکانی زنجیرەکە دەربارەی دایکێکە کە پێنج کچی هەن، وێڕای ئەوەی کە دڵسۆزو تێکۆشەریشە کەچی دووچاری ریسوایی و پڕوپاگەندەیەکی زۆر دەبێتەوە، دواتر بەناهەق دەگیرێ و زیندانی دەکرێ. بەوهۆیەوە گرێیەکی دەرونی لەلای کچەکان دروست دەبێ و متمانەیان بە پیاوان نامێنێ و خۆیان دوورەپەرێز دەگرن. نەرمین فەقێ لەم زنجیرەیەدا رۆڵی خوشکە گەورە دەگێرێ سەرپەرشتی خوشکەکانی دیکەی دەکات، کە نەرمین فەقی رۆڵەکەی دەبینێت.

وەک ئاشکرا کراوە زنجیرەکە لە 30 ئاڵقە پێکهاتووە. مەمدوح فەهمی نووسیویەتی و کۆمپانیای خۆرهەڵاتی عەرەبی بەرهەمی دەهێنێ.

جگە لە نەرمین فەقێ، نیهال عەنبەر، عەمرۆ مەحمود یاسین، مەجدی عەبدولوەهاب، ئەحمەد سەلامە، عەمرۆ مەدحەت و ژمارەیەک ئەکتەری دیکە بەشداری تێدا دەکەن.

لە لایەکی دیکەوە، وەک دەگوترێ کە نەرمین فەقێ تا ئێستاش لە چاوەڕوانی یەکەم نمایشکردنی فیلمەکەی (دکتۆر سیلیکۆن) دایە، کە سەبارەت بە مەیلی خۆجوانکردن لەلایەن خانمانەوە دەدوێ، ئەو فیلمەش لە دەرهێنانی ئەحمەد بەدرییە ، هونەرمەندان مەروە و حەسەن حوسنی و لوتفی لەبیب هاوشانی نەرمین رۆڵ لە فیلەمەدا دەبینن.

جێگەی ئاماژەیە کە نەرمین فەقێ دایکی کوردی باکوری کوردستان و باوکیشی عەرەبێکی میسریە، دەرچووی کۆلیژی بازرگانیە، سەرەتا وەک مۆدێلیست دەستی پێکردو خۆی نواند، دواتر دەستی بەکاری شانۆیی کرد، بەهۆی لێهاتوویی لەبواری نواندندا سەرنجی دەرهێنەرانی بەلای خۆیدا راکێشاو رۆڵی بەرچاویان لە فیلم و زنجیرە دراماکاندا پێدا، بەوهۆیشەوە توانیویەتی ناوبانگێکی باش بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

تا ئێستا بەشداری لە سێ شانۆگەری، بەشداری لە نۆ کاری تەلەفزیۆنی و چوار فیلم دا کردووە.

**ئامادەکردنی: پەروین**

# هەنار

**بەکر نامۆ**

تۆ ئەو گوڵە هەنارەی
کە خوا بۆ بەهشتی من دایناویت
تۆ ئەو پەیامەی کە ئەڤین
بۆ دلۆڤانانیم خولقاندویەتی
تۆ ئەو هەستەی کە هزری پاکان
کڕنوشت بۆ دەبەن
تۆ ئەو مرۆڤەی کە پەری و فریشتەکان
ئیرەییت پێ دەبەن
تۆ ئەو شەرمەی کە وەک هەوری
بەهاران ئەستووری
تۆ ئەو نیازەی
کە نیازەکانی من ئاودیر دەکەیت
تۆو تۆو تۆیش
ئەو کەسەن کە منتان
لە ژیاندا راگرتووە
ئێوە ئەو کەسەن کە هەناسەکانم
پێدەبەخشن
کەچی نە سلاوێکم لێدەکەیت و
نە ئیمایلێکم بۆ دەنێری و
نە لای هاوپۆلەکانیشت
باسم دەکەیی!!!!!